# هەڵبژاردەیەک لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی

## ( بەشی بیروباوەڕ )

## [ بە كوردی ]

## مختارات من فتاوى اللجنة الدائمة

### قسم العقيدة

[ باللغة الكوردية ]

**لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی**

**اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد**

**وەرگێڕانی: مامۆستا دانا ڕەحمان فەرەج**

الترجمة: دانا عبد الرحمن فرج

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# هەڵبژاردەیەک لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی

# ( بەشی بیروباوەڕ )

## حكم الطواف وطلب الدعاء حول أضرحة الأولياء

پرسیار : ئایا حوكمی سوڕانەوە(طواف) بەدەوری گۆڕی مردواندا یان سەربڕینی حەیوان لەسەری حوكمی چیە؟ وە ئایا بەكێ دەوترێت وەلی لە ئیسلامدا ؟ وە ئایا دروستە داوای دوعا لە پیاوچاكانی زیندو یان مردوو بكرێت ؟

وەڵام : سەربڕینی حەیوان بۆ مردوو یان نەزر كردن بۆی بەهاوبەشی دانان دائەنرێت بۆ خودای تاك و تەنها ، وە لە ئیسلامدا بە كەسێك دەوترێت وەلی كە بێ ئەمری خودا نەكات و فەرمانەكانی خودا بەجێ بهێنێت و خۆی دوربگرێت لە هەموو جۆرە گوناهێك با كەراماتیش لەسەر دەستی ڕوو نەدات.

هەروەها دروست نیە داوای دوعا لە هیچ مردویەك بكرێت ، بەڵام دروستە بە كەسانی زیندووی ساڵح و ڕو لەخوا بڵێیت دوعات بۆ بكەن، وە بەنسبەت سوڕانەوە ( تەواف ) بەدەوری گۆڕی

پیاوچاکاندا بەهیچ جۆرێك دروست نیه، بەڵکو ( تەواف ) تایبەتە بە کەعبەی پیرۆز ، وەهەرکەسێك گەواف بکات بە دەوری هەر قەبرێکدا و نیەتی ئەوەبێت کە ئەو مردووە ی لێڕازی بێت و لێی نزیك ببێتەوە ئەوە ( شرك) هاوبەشی دانانە بۆ خودا ، وەئەگەر نیەتیشی خۆنزیك کردنەوە بو لەخودا ئەوە بیعەیەکی نابوتە و دەبێت بزانێت کە نابێت بسوڕێتەوە بەدەوری گۆڕی مردوو دا و نابێت نوێژیشی لەسەر بکات، با نیەتیشی ڕوو کردنە خوا بێت .

**فەتوای زانایان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان.**

## زيارة الأولياء أمواتا

پرسیار : دەربارەی کەسانێك کە لەکاتی نەخۆشی یان بیٚ بارانی دا دەچنە سەر گۆڕی پیاوچاکان و حەیوانێك یان مریشکێك سەردەبڕن بە ئومێدی ئەوەی خودا شیفای نەخۆشیەکەیان بدات یان بارانیان بۆ ببارێنێت ، ئایا حوکمی شەرع چیه لەوبارەیەوە؟

وەڵام : ئەو کارە دروست نیه و بە **هاوبەشی** دانان دائەنرێت بۆ خودای تاك و تەنها ، چونکە خودای گەورە دەفەرموێت : " **قل إن**

**صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لا شريك له وبذلك أمرت وأنا أول المسلمين"** . وە هەروەها پێغەمبەر ( درودی خودای لێبێت ) دەفەرموێت : " لەعنەتی خودا لەو کەسەی کە بۆ غەیری خودا حەیوان یان هەر گیانلەبەرێکی تر سەر دەبڕێت .

فەتوای زانایان: **عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## ذبح الذبائح عند أضرحة الأولياء شرک وفاعله ملعون

پرسیار : هەندێ کەس لە ڕۆژی عاشورادا دەچن حەیوان سەردەبڕن لەسەر گۆڕی ئەولیاوپیاوچاکان ، وە هەست دەکەن بەخوێندنی قورئان بەمەبەستی دوعا بۆ مردوەکان لەسەر گۆڕەکان ، پاشان گۆشتی ئەو حەیوانە سەربڕاوانە دەخۆن ، جا داوامان لە بەڕێزتان ئەوەیە حوکمی ئەو کارەمان بۆ ڕون بکەنەوە ؟

وەڵام : یەکەم : ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت هواوبەشی دانانە (شرك) و هەرکەسێك ئەوە بکات خودا لەعنەتی لێ کردووە ،چونکە

ئەوە سەربڕینە بۆ غەیری خودا ، وە دروست نیە گۆشتی ئو سەربڕاوانە بخورێت کە لەسەر گۆڕی پیاوچاکان و ئەولیا سەربڕاون .

دووەم : خوێندنی قورئان لەسەر مردوو بیدعەیە و پێغەمبەری خودا نەیکردوە و دەفەرمێت : **" من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد"** .

فەتوای زانایان: **عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## يحرم الذبح عند القبر

پرسیار : هەندێ کەس حەیوان یان وڵاخ دەبەن لەنزيك قەبری کەسێکیان سەری دەبڕن و پاشان گۆشتەکەی دابەش دەکەن بەسەر ئەوکەسانەی کە لەسەر قەبرانن ، جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە حوکمی ئەو کارەمان بۆ ڕوون بکەنەوە ؟

وەڵام : ئەو کارە حەرامە چونکە نیەت پێی نزیکبوونەوەو پەرستشە، وە خودا لەعنەتی کردوە لەوەی کە لەبەر غەیری خودا حەیوان سەرببڕێت ، وە بەنسبەت خواردن دان بە حازرەکانی

سەرقەبران ، ئەویش سونەت نیە بەڵکو سونەت وایە کە خەڵکی خزم و دەرودراوسێ خواردن بۆ ماڵی مردوو دروست بکەن .

**فەتوای زانایان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## ما حكم طالب المدد من شخص ميت

پرسیار : ئایا کە سێك داوای یارمەتی و پاڵپشتی لە کەسێکی مردوو یان کەسێکی زیندوو کە حازر نەبێت (غائب بێت)چیە؟

وەڵام : یەکەم : هەرکەسێك هاوار بکاتە مردوو کە پاڵپشتی بکات و بەدەمیەوەبێت و بۆنمونە بڵێت ( مەدەد ئەی فلاّن کەس ) بەنیەتی ئەوەی کە ئەو کە سە مردووە سودێکی پیێ بگەیەنێت ، ئەوە شتێکی حەرامەو دروست نیە ، چونکە چونکە بە هاوبەشی دانان (شرك) دادەنرێت بۆ خودای گەورە لە هەندێ دە سەڵاتدا کە تەنها خودا ئەو دەسەڵاتەی هەیەو لە دەسەڵاتی کەسی تردا نیە ، خودای گەورە دەفەرموێت : " **إنه من يشرك بالله فقد حرم الله عليه الجنة ومأواه النار**" .

دووەم : ئەو کەسەی کە داوای مەدەد لە کەسێکی (غائب) حازر نەبوو بکات ، ئەوە پێویستە ئامۆژگاری بکرێت و تێبگەیەنرێت کە داوای شتانێك کە تەنها لە دەسەلأتی خودا دا هەیە لە غەیری خودا بکەیت ، ئەگەر بەردەوام بوو لە پاڕانەوەی لە غەیری خودا لەو شتانەدا ئەوە (شرك) هاوبەشی دانانە بۆ خوداو حەرامە ، خودای گەورە دەفەرموێت: " **فمن كان يرجو لقاء ربه فليعمل عملا صالحا ولا يشرك بعبادة ربه أحدا"** ، وە هەر کە سێك دوای ئامۆژگاری کردن و بۆڕونکردنەوە بەردەوام بوو لەسەر ئەو پاڕانەوە ناشەرعیانەی ئەوە لە دین دەچێتە دەرو بە موسولمان نامێنێت .

فەتوای زانایان: **عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## الاستغاثة والاستعانة بغير الله من الأحياء

پرسیار : سۆفیگەرەکان دەڵێن : پشت بەستن بە پیاوچاکان و هاواربردن بۆیان لە لای سۆفیگەرەکان مەجازیە نەك حەقیقی بەڵکو خودای گەورە هەموو کارەکان ئەنجام دەدات ، وە بۆ ئەوەیش بەڵگەی (**وما رميت إذْ**

**رميت ولَكن الله رمى وليبلي الْمؤمنِين منه بلاَءً حسناً إن الله سميع عليم** ) ، ئایا بەڕێزتان چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەنەوە ؟

وەڵام : یەکەم : هوارکردنە غەیری خودا لە مردووەکان و داروبەردوقەبرو ئەوجۆرە شتانە بەهاوبەشی دانان دادەنرێت بۆ خودای گەورە ، هەروەها هاوارکردن و داواکردنی شتانێك کە لە توانای مرۆڤدا نیە لە کەسانی زیندوو ئینسانی پیٚ لە دین دەردەچێت .

دووەم : بەڵگە هێنانەوە بۆ هاوارکردن و پەنابردنە لای غەیری خودا بە ئایەتی ((**وما رميت إذْ رميت ولَكن الله رمى...**)) بەڵگە هێنانەوەیەکی زۆر نابەجیٚ و نادروستە ، چونکە مانای ئایەتەکە ئەمەیە ( ئەوە بە تەنها تۆ نەبویت کە لە شەڕی بەدردا مشتە خۆڵ و زیخەکەت کرد بە چاوی ئەو ژمارە زۆرەی کافرەکاندا ، بەڵکو خودا بە قودرەت و توانای خۆی کارێکی کرد کە ئەو مشتە زیخە بچکۆلەی دەستی تۆ بچێتە چاویانەوە .

ئەم ئایەتە پیرۆزە هیچ مانایەکی پنابردنە لای غەیری خودای تێدا نیە، بەڵکو تەنها باسی ئەوەی تیادایە کە مرۆڤ دەبێت هۆکارەکانی ( الأسباب ) هەر کارێك فەرامۆش نەکات با کەم و لاوازیش بێت ، ئەویش وەشاندنی ئەو مشتە زیخە بوو کە پێغەمبەر "دروودی خودای لیٚ بێت" وەشاندی بەڕووی کافرەکانی قورەیشدا و بۆ کاریگەری یەکەیشی

پشت و پەنای بەخودا بەست و لە گەل هاویشتنەکەدا دوعای لە کافرەکان دەکردوو تەنها لە خودا دەپاڕایەوە.

**فەتوای زانایان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## تمثيل الصحابة

پرسیار : ئایا دروستە ئەکتەر رۆڵی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ببینێت و هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ بکرێن بە (**تمثيل**) ؟

وەڵام : دروست نیە کەسێك خۆی بخاتە شێوەی هاوەڵە بەڕێزەکان (**الصحابة**) ، چونکە ئەوە سوکایەتی پێکردنیانە و ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ بەکەمزانینیان و بێڕێزی کردن بەرامبەریان ، هەرچەندە وا گومان دەبرێت کە ئەوە مەصلەحەتی تیادایە بەڵام زیانەکانی (مفاسد) زۆرترن لەبەر ئەوە دروست نیە .

**فەتوای زانایان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

## لا يجوز شد الرحال لزيارة قبور الأنبياء والصالحين وغيرهم

پرسیار : ئایا دروستە سەفەر بکەیت بە نیەتی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان ؟

وەڵام : دروست نیە کە سەفەر بکەیت بە نیەتی زیارەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان ، بەڵکو بیدعەیەکی نابوتە و پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : **" لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجدي هذا، والمسجد الأقصى"** ، وە هەروەها دەفەرموێت: **" من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد"** ، بەڵام ئەگەر زیارەتی کرد بەبێ سەفەری تایبەت بۆی ئەوە سوننەتە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : **" زوروا القبور فإنها تذكركم الآخرة " .**

فەتوای زانایان: **عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

# التفريط والغلو في الدين

پرسيار : ئايا ئەو سنورە كامەيە ئەگەر ببەزێنرێت بە ڕۆچون و زيادەڕۆيى لە دين دەژمێردرێت؟هەروەها سنورى كەمتەرخەمى لە ديندا كامەيە؟ :

وەڵام : ئەگەر هاتوو لەو ئاست و سنورەى كە شەرع ديارى كردووە تى بپەڕێت ئەوە بە زيادەڕۆيى كردن (**غلو**) دادەنرێت و حەرامە . زيادەڕۆيى كردن (**غلو**) واتە : زۆر قوڵبونەوەو زۆر لەخۆ كردن لەهەر شتێكدا كە لە ئاستى سروشتى خۆى دەربچێت . وە كەمتەرخەمى كردنيش (**التفريط**) ئەوەيە كە هەڵنەستيت بەو ئەركانەى كە خوداى گەورە واجبى كردووە لەسەرت وەك ڕێزى دايك و باوك و وەڵامدانەوەى سەلام و ...هتد، يان هەنێ گوناه بكەيت وەكو زينا و دووزمانى و غەيبەت و...هتد .

**فەتواى زانايان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

# حرمة التعذيب بالنار

پرسيار : ژنێك هەيە جنۆكەی تێچوە ، ئايا دروست بەسوتاندنی بەشێك لە جەستەی ژنەكە ئەو جنۆكەيە دەربكرێت؟

وەڵام : بهيچ جۆرێك دروست نيە ئازاری مرۆڤ بدرێت بە ئاگر ، چونكە تەنها خودا ئاگر بەكار دەهێنێت بۆ سزادانی بێ باوەڕ و گوناهباران ، وە حەرامە مرۆڤ ئاگر بۆ ئەو مەبەستە بەكار بهێنێت .

**فەتوای زانايان: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن غديان، عبد الله بن قعود .**

# إسلام الكافر

پرسيار : ئايا ئەگەر كەسێكی بێ باوەڕ موسوڵمان ببێت پێويستە يەكەم جار چی بكاتن؟

وەڵام : دەبێت سەرەتا شەهادەت بهێنێت و پاشان خۆی پاك بكاتەوە بۆ نوێژكردن ، وە ئەگەر خۆيشی بشوات ئەوە باشترە

چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە هەندێ لەهاوەڵان لەکاتی موسوڵمان بونیاندا کە خۆیان بشۆن .

فەتوای زانایان: **عبد العزيز بن عبد الله بن باز، عبد الرزاق عفيفي، عبد الله بن قعود.**